## فەرهەنگی جوغرافیایی ئێران

لە چەند بەشی داديی ئەم زنجیرە وتارە دا هەوڵدەدەم چەند سەرچاوەیەکی گرنگ لەمەر جوغرافیای کۆنی ئێران بخەمە بەر چاو بەو ئامانجەی کە بنەمای مێژوویی - ناوی گوند و شار و رووبار و چیای ناوچەی بۆکان لە رابردووی کۆندا دیاری بکرێن. ئەوە کارێکی ئەستەمە لەبەرئەوەی هەرلەناو ئێرانییکانیشدا کاری کەمی لەسەر کراوە و هۆکارەکەشی روانینی رەگەزپەرەستانەی حکوومەتەکانی دوای رەزاشایە کە هەوڵی "فارساندن"ی ناوەکانیان داوە و ناوە کۆنەکانیان خستۆتە پشت گوێ.

ئەم کارە بە کتێبی "فەرهەنگی جغرافیائی ایران" دەست پێ دەکەم کە سەرجەم ١٠ بەرگە و عەبباسعەلی رەزم ئارا – ژەنەڕالی سوپای ئێران لە سەردەمی رەزاشا ئامادەی کردوە. ئەم رەزم ئارایە، برای حوسەینعەلی رەزم ئارا سەرۆک وەزیری پێشووی ئێرانە کە فیدائیانی ئیسلام کوشتیان.

رەزم ئارا لە راستیدا کتێبەکەی بۆ کەڵک وەرگرتنی سوپای ئێران ئامادە کردوە و گەلێک نەقشەی شار و گوند و ناوچەکانی ئێرانی هاوڕێ لەگەڵ زانیارییەکی سەرەتایی سەبارەت بە شوێنەکان لەو ١٠ بەرگ کتێبە دا کۆ کردۆتەوە. کتێبەکە بە فارسی نووسراوە و من تەنیا دەستم بە چەند بەرگیان رادەگات. بەرگی چوار ئوستانی ئازەربایجانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا دەگرێتەوە و باسی ناوچەی بۆکانیش لەو بەرگەدایە، بەرگی ٥ سەبارەت بە ئوستانی پێنجەم واتە کوردستان و کرماشانە کە دواتر کرا بە چەند ئوستانی بچووکتر وەک کوردستان، کرماشان، هەمەدان، ئیلام.

خوێنەر لە خوێندنەوەی کتێبەکەدا دەبێ ئاگاداری روانگەی "رەزاشایی" نووسەرەکەی و هەڵوێست گرتنە کانی وەک جەنەڕاڵێکی هەمان رژیم بێت.

زانیاری لەسەر ناوچەی بۆکانیش لە کتێبەکەدا دەست دەکەوێت.

عباسعلی رزم آرا، فرهنگ جغرافیائی ایران، جلد ١ تا ١٠، ناشر : مرکز نقشه کشی ارتش ایران، تهران، ١٣٢٠ (جلد ٤، آذربایجان).